# مۆنتاری: پارە بـ

*** سەردانی یاریزانانی دیکەی کامیرۆنی دەکەی وەکو ئەوەی سەردانی ئیتۆ دەکەی؟**

- گەر هەلم بۆ برەخسێ سەردانیان دەکەم، بەڵام لێیان ناشارمەوە پەیوەندییەکی باش لە نێوان من و ئیتۆ هەیە، زۆر شت هەیە ئێمە بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەوانە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا، ئیتۆ خۆی و هاوسەرکەی سەردانی منیان کرد کە بوومە باوك و خوای گەورە منداڵێکی پێ بەخشین.

*** لە ئیتاڵیا بەهۆی ئاست بەرزیت ناوت دەرکرد، بەڵام لە جیهانی ئیسلامی ئەو کاتەی گۆڵت لە یۆڤانتس تۆمارکرد و کڕنۆشت بۆ خوای گەورە کرد، بۆ ئەم کارەت ئەنجامدا؟**

- یەکەم جار و پێش هەموو شتێك من موسڵمانم ئەم کارەش تەنیا بۆ نمایش نەبوو، هەر کاتێ ئیسلام خۆشحاڵ دەبێ بەهەر شێوەیەك بێت سوپاسی خوای گەورە دەکات، پێش هەموو یارییەك داوا لەخوا دەکەم سەرکەوتووم بکات، کە پارانەوەم قەبووڵ دەکات و منیش چۆن سوپاسی نەکەم.

*** تۆ لە بنەماڵەیەکی وەرزشکاریت؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە باوکم لە نایجیریا راهێنەر بوو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە غانا براکانم هەموویان یاریزانن.

*** باوکت بەردەوامە؟**

- بەڵێ، ئێستا بەڕێوەبەری هونەرییە لە یانەی ئاکواهۆ یۆنایتد یەکێکە لە یانە بەناوبانگەکانی غانا.

*** هەندێ کەس باس لەوە دەکەن تۆ بەهۆی زۆری بڕندەکەت پەیوەندیت بە ئەنتەر میلان کردووە، ئایا پارەوپوول رۆڵی لە بریارەکەت هەبوو؟**

- ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم، بەڵێ پارە رۆڵێکی گرنگی لە ژیانی خەڵك هەیە، من یاریزانێکی پیشەگرم و کاری سەرەکیم تۆپی پێیە و بۆ دەبێ پارە بکەمە کارەکانی سەرەکیم.

*** بەنیاز بوویت بۆ یانەی مانچستەر یۆنایتد مۆربکەین ئەو کاتەی لە تەمەنی منداڵی بوویت، بەڵام دوای تاقیکردنەوە**



ئەستێرەی غانی و یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی عەلی سۆلی مۆنتاری یەکێکە لە یاریزانە لێهاتووەکانی خولی یانەکانی ئیتاڵیا پێش چوونی بۆ ئەنتەر میلان لە ریزی یانەی بروتسمۆسی ئینگلیزی یاری دەکرد و رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بەدەستهێنانی نازناوەکانی یانەی ئەنتەر میلان گۆڤار سوپەر ماوەیەکی زۆرە چاوەڕەوانی ئەم دیمانەیە کە دوای گەڕان و ماندووبوونێکی تەواو کە پشتە ئەکرای پایتەختی غانا و ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازدا و ئێمەش لەبەر گرنگی خوێنەرانی فایلی وەرزشی بە باشمانزانی لە هەواڵی ئەم یاریزانە ئاگادارییان بکەینەوە لای خۆمان بڵاومان کردەوە.

# ــــــۆ کڕینی ئۆتۆمبێل خەرج دەکەم

**فێرگسۆن تۆی نەویست، ئایا ئەم هەڵوێستە کاری نەکردۆتە سەر جەستەت؟**

- ئەو کات نیگەران بـــوو کە پەیوەندیم بە یانەی مـــان یۆنایتد نەکرد، من ڕێز لە فێرگسۆن دەگرم چونکە ڕاهێنەرێکی مەزن و خـــاوەن ئەزموونە و خۆشـــحاڵ بوون کە داوای کردم، بـــەڵام دواتر نازانم بۆ وەری نەگرتم و ســـەرەڕای ئەوەی لە ئاستی من ڕازی بوو.

*** چـــۆن دەڕوانیتـــە کەســـایەتی مۆرینهۆ؟**

- مۆرینهۆ کەســـێکی زۆر سادەیە بۆیە نیگـــەران دەبم کە زۆر جار گوێ بیســـت دەبم کـــە دەڵێن تووڕە و تونـــدە، مۆرینهۆ بەراشـــکاوی بەرانگاری کێشەکان دەبێتەوە بڕوا دەکەم زۆر خۆشتان دەوێ کە ڕاستیەکان لە دەرەوەی یاریگا بزانن.

*** ئایـــا ســـەیری یارییەکانـــی یانەی پێشووت بۆرتسمۆس دەکەیت؟**


- بە تەئکید بەڵێ چونکە لەوانەیە ئاستم بەجیهان ناســـاند و هاوکارییەکی تەواوی منیان کردووە و هیوادارم بەســـەر کێشەکان زاڵ بـــن و بگەڕێنـــەوە دۆخـــی جارانی خۆیان.

*** بەنیازیت جارێکی دیکە بگەڕێیتەوە ئینگلتەرە؟**

- خولی ئینگلتەرە یەکێکە لە بەهێزترین خولەکانـــی جیهانی و هەمـــوو یاریزانێك ئاواتە خوازە لـــەم خولە یاری بکات و من ئەزموونێکی باشـــم لە خولـــی ئینگلتەرە وەرگرت، من ئێستا لە ئیتاڵیا یاری دەکەم و ئیتاڵیـــام خـــۆش دەوێ بۆیە من نێوەی لەشـــم ئیتاڵیە بۆیە حەز لە ژیانی ئیتاڵی دەکەم و ئاواتم مانەوەیە لە ئەنتەر میلان.

*** داهاتێکی باشـــت دەســـت دەکەوێ لەچی خەرجی دەکەی؟**

- خاوەنـــی بنەماڵەیەکـــی زۆرین، ئێمە تەنیـــا دایك و باوك و خوشـــك و برا نین، بەڵکو برادەر و خۆشەویستەکانیش بە کەسی خۆمان دەزانین و بۆیە دەبێ ئاگادارییان بم و یارمەتیـــان بدەم، من حەز لە ئۆتۆمبێلی جوان و قەشەنگ دەکەم و حەز لە پێڵاوی ســـپیش دەکەم و دەبێ هەر یاریزانێك بیر لە ژیانـــی خۆی بکاتەوە دوای ئەوەی واز لە یاریکردن دەهێنێ.




*** جۆری ئۆتۆمبێلەکان چین؟**

- دوو ئۆتۆمبێلی جۆری ڕانج ڕۆڤەر و هامەرم لە غانا هەیە و دوو ئۆتۆمبێلشـــم لـــە ئیتاڵیا هەیە، من تەنیـــا ئۆتۆمبێلی جوانم خۆشم دەوێ گەر بزانم توانای کڕینم هەیە.

*** کەی واز لە یاریکردن دەهێنی؟**

- ئەمە بڕیاری من نییە و خوای گەورە ئەو بڕیارە دەدات،من بەردەوام دەبم تا توانا و هێزم ماوە.

خولی ئینگلتەرە یەکێکە لە بەهێزترین خولەکانی جیهانی و هەموو یاریزانێک ئاواتە خوازە لەم خولە یاری بکات





### ڕاهێنەری گۆڵچی یانەی هەولێر

# هەموو بۆندەکانم ڕەتکردەوە و یانەی هەولێرم هەڵبژارد


ڕێبین ڕەمزی
rebin1985@yahoo.com


**عیماد هاشم یەکێك بوو لە گۆڵچیە هەرە بەتواناکانی عێراق لە هەشتایەکان کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردەی عێراق، دوای واز هێنانی لە یاری کردن، ڕووی کردە بواری ڕاهێنەرایەتی کە بووە ڕاهێنەرێکی یەکجار سەرکەوتوو، عیماد هاشم خێزاندارە و چوار منداڵی هەیە و تەمەنی (٣٩) ساڵە، کاتێك کە گۆڵچی بوو (٧٥) یاری نێودەوڵەتی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق و بۆ ماوەی (١٦) ساڵ یاری بۆ یانەی شورتەی کرد و ماوەی ساڵێك یاری بۆ یانەی زەورا کرد، دواتر ڕووی لە بواری ڕاهێنەرایەتی کرد لە دەرەوەی عێراق بووە ڕاهێنەری گۆڵچی هەردوو یانەی شەباب ساحیلی لوبنانی و وەحلە سەنعا یەمەن، کە تیایدا ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، ئەوە ماوەی ٣ ساڵە بوویتە ڕاهێنەری گۆڵچی لە یانەی هەولێر کە تیاییدا توانی دوو جار لەگەڵ یانەی هەولێر خولی پلە نایابەکانی عێراق بە دەست بهێنێت و لە دوو یاری کۆتایی یانەی هەولێر بە یارمەتی گۆڵچی توانی خولەکانی عێراق مسۆگەر بکات، ئەمەش بۆ ماندوو بوونی ڕاهێنەری بە توانا عیماد هاشم دەگرێتەوە کە یانەی هەولێر سودێکی یەکجار زۆری لێکردووە، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازکرد.**

*** ئایا هەست بە زوڵم ناکەی کە نەبوویە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی عێراقە کە نابێت ڕاهێنەر دوو کار لە یەك کاتدا ئەنجام بدات، بەڵام دوور لەم بڕیارە تا ئێستا یەکێتی تۆپی پێی عێراق تا ئێستا منی وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق دانەناوە دەبوایە (٤ یاخود ٥) ساڵ پێش ئێستا من ببمە ڕاهێنەری گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق، ئەمە مافێکی سروشتی خۆمە، ئەمەش بە شاهێدی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کاتێك لە یانەی شورتە ڕاهێنەری گۆڵچی بووم چەندین گۆڵچی ئاست بەرزم بۆ هەڵبژاردەی عێراق دروست کرد یەکێك لەوانە گۆڵچی بە توانا محەمەد گاصد بوو.

*** گەر یەکێتی تۆپی پێی عێراق تۆی بۆ ڕاهێنەرایەتی گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق دەست نیشان کرد، ئایا تۆ وەکو ڕاهێنەر کامەیان هەڵدەبژێری یانەی هەولێر یاخود هەڵبژاردەی عێراق؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت هەردەم هەڵبژاردە لە پێشترە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە ڕاهێنەری گۆڵچی هەردەم ماوەیەکی کورت دەبنە ڕاهێنەر، چونکە کە تەمەنیان گەورە بوو ناتوانن لە کارەکانیان بەردەوام بن، ئێستا کە ڕاهێنەری گۆڵچیم تەمەنم زۆر گونجاوە، بەڵام دوای (١٠) ساڵ یاخود (١٥) ساڵ من ناتوانم شوتێکی تەواو بۆ گۆڵچی لێدەم یاخود توانای جەستیم یارمەتیم نادات بۆ ئەوەی لە کارەکەم بەردەوام بم، بۆیە دەبێ لەم ماوەیەدا خۆم دروست بکەم جا چ لە ڕووی پارەوە بێت یاخود لە ڕووی هونەریی بێت جا چ لە هەڵبژاردەی عێراق بێت یاخود لە یانەی هەولێر بێت.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی گۆڵچیەکانی یانەی هەولێر کاتێك کە بوویە ڕاهێنەری گۆڵچی یانەکە؟**

- پێش ئەوەی بیمە یانەی هەولێر هاندەران و دەستەی کارگێری یانەکە زۆر گلەیان لە ئاست نەزمی گۆڵچی یانەکە هەبوو، دوای هاتنمان بۆ یانەی هەولێر توانیمان ئاستی گۆڵچیەکان زۆر جیاواز بێت لە ساڵاکانی تر هەرچەندە هەمان گۆڵچی بوون، بەڵام هەندێك ڕێنماییمان دانی وکارەم لەسەر کردن توانیم ئاستیان زۆر بەرز بکەم، بەڵام شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت هەردەم ڕاهێنەری گۆڵچی ناوێکی گەورەی هەبێت و ناودار بێت تاوەکو گۆڵچیەکان ڕێزت لێ بگرن ئەم شتەش دەبێ یانەکان چاودێری ئەم شتە بکەن.

*** تا چەند ڕۆڵت هەبوو لە بەدەستهێنانی**

**خولی پلە نایابەکانی عێراق لەگەڵ یانەی هەولێر لەم وەرزە؟**

- من زۆرم پێ خۆشە کاتێك سەرکەوتنەکانی یانەکەم بە یارمەتی گۆڵچییەکان دەبێت و هەروەها جەماوەری کوردستان کە باسی ئاست بەرزی گۆڵچییەکان دەکەن ئەمە شتێکی زۆر گەورەیە بۆ من و شانازی پێوە دەکەم، پارساڵ رۆڵم هەبوو لە بە دەستهێنانی خولی پلە نایابەکان ئەویش لە رێگای گۆڵچی بە توانا سەرهەنگ موحسین و ئەمساڵیش رۆڵێکی باڵام هەبوو لە بەدەستهێنانی ئەم نازناوە ئەویش بە یارمەتی گۆڵچی بە توانا ئەحمەد عەلی بوو.

*** تێبینی ئەوەمان کرد لە کاتی جێبەجێکردنی لێدانەکانی سزا، تۆ لەگەڵ ئەحمەد عەلی راوستابووی چەند رێنمایەکت دا عەلی لەسەر کاغەز بۆت باس دەکرد، دەتوانین بزانین ئەم زانیارانە چ بوو لەسەر کاغەزەکە؟**

- من کاتێك کە گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق بووم کە یارییەکان دەگەیشتە لێدانەکانی سزا جەماوەر زۆر متمانەیان بە من هەبوو کە بتوانم یارییەکە ببەینەوە و یارییەکە لە بەرژوەندی خۆمان بە کۆتا دەهێنا، ئێستاش کە من بوویمە راهێنەری گۆڵچی یانەی هەولێر دەبێ خزمەتی یانەکەم بکەم بۆیە من زانیارییەکەم هەیە ئەم زانیارییەم بە ئەحمەد عەلی گوت و پێم راگەیاند گەر جێبەجێ بکات ئەوە سەرکەوتوو دەبێت، ئەویش ئەم رێنمایی منی بە تەواوی جێبەجێ کرد، من لەسەر کاغەز وێنەیەکم بۆ دروست کرد و لەگەڵ ئەم وێنەیە زانیارییەکەشم پێ راگەیاند و پێشم گووت ئەگەر ئەم زانیاریی من جێبەجێ بکەی ئەوەی لە لێدانەکانی سزای یەکەم و دووەم و سێیەم سەرکەوتوو نابێ، بەڵام (٪١٠٠) لە لێدانەکانی چوارەم و پێنجەم سەرکەوتوو دەبێ، ئەوە بوو توانی لە لێدانەکانی سزا سەرکەوتوو بێ، ئەم زانیاری من بە پارەش ناکرێت، چونکە زۆر گرانە و ناتوانین بۆ راگەیاندنیش ئاشکرا بکەین، چونکە نهێنی کارەکەمە.

*** زۆر کەس دەڵێن عیماد هاشم ئەو بایەخی پێ نەدراوە و کەس باسی رۆڵی عیماد هاشم نەکردوو لەم دوو نازناوە گەورەیە کە رۆڵێکی سەرەکیت هەبوو؟**

- من زۆر گرنگی بەم شتانە نادەم مادام دەستەی کارگێری یانەکەم و جەماوەر و رۆژنامەنووسانی وەرزشی لە ئاست و کارەکەی من رازین ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە بۆ من و ئەمە بروانامەیەکی زۆر گەورەیە کە هەردەم شانازی پێوە دەکەم.

*** دوای ئەو ئاست بەرزی کە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق نیشاندا لە جامی جیهانی لاوان لە ساڵی (١٩٨٩) کە لە سعودیە ئەنجامدرا، هیچ بۆندێکت لە یانەکان بۆ نەهات؟**

- ئەوەی راستی بێت من لەم پاڵەوانیەتیە ئاستم زۆر بەرز بوو و لەگەڵ هەڵبژاردەی زۆر بەهێز یاریمان دەکرد و توانیمان بگەینە قۆناغێکی زۆر بەرز لەم پاڵەوانیەتییە دوای ئەوەی لەم پاڵەوانیەتیە لە قۆناغی هەشتەم بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەمەریکا تووشی دۆڕان هاتین لەم پاڵەوانیەتیە چوینە دەرەوە، بۆندێکی گران بەها و گەورەم بۆ هات ئەویش لە یانەی ئەتلەتیکۆ بلباوی ئیسپانی بوو و یاریزانی بە توانا لەیس حوسێن بۆندی لە یانەی بەرشلۆنە بۆ هات، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی عێراق رازی نەبوو لەسەر ئەم بۆندانە، بۆیە نەمتوانی بچمە یانەی ئەتلەتیکۆ بلباوی ئیسپانی.

*** خۆشترین یادگاریت چییە؟**

- ئەوەی راستی بێت خۆشترین یادگاریم کاتێك دژی یانەی مانچستەر یونایتد یاریم کرد، ئەویش کاتێك راهێنەر ئەنوەر جەسام بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراقی کردم لە ساڵی (١٩٩٥) و بەشداریمان لە پاڵەوانیەتی مەردیکا کرد لە مالیزیا لەم پاڵەوانیەتیە بوومە باشترین یاریزان، لەم کاتەش بەهێزترین یانەکانی ئەوروپا بۆ پارە دەهاتنە مالیزیا بۆ ئەنجامدانی یاری دۆستانە، بۆیە لەم ساڵ یانەی مانچستەر یونایتد هاتە مالیزیا بۆ ئەنجامدانی دوو یاری دۆستانە لەگەڵ یانەیەکی مالیزی کە پاڵەوانی خولەکەی بوو، لە یەکەم یاری یانەی مانچستەر یونایتد لە یەکەم یاری (٤-سفر) یارییەکەی بردەوە، بەڵام لە یاری دووەم یانە مالیزیەکە پەیوەندییان بە من کرد بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم لەم یارییە ئاستێکی زۆر بەرزم نیشاندا هەرچەندە یارییەکەمان بە ئەنجامی (٢-سفر) گۆڵ دۆڕاند.

*** دوا وتەت چییە؟**

- دوای کۆتایی هاتنی خولی پلە نایابەکانی ئەمساڵی عێراق چەندین بۆندم بۆ هات بە تایبەتی بۆندم لە ئیمارات بۆ هات، بەڵام گشت بۆندەکانم رەتکردەوە و یانەی هەولێرم هەڵبژارد، ئەوەی راستی بێت وەرزی داهاتوو خولی عێراق زۆر قورسە چونکە یانەکان بە باشی خۆیان ئامادە کردووە.

**پارساڵ رۆڵم هەبوو لە بە دەستهێنانی خولی پلە نایابەکان ئەویش لە رێگای گۆڵچی بە توانا سەرهەنگ موحسین و ئەمساڵیش رۆڵێکی باڵام هەبوو لە بەدەستهێنانی ئەم نازناوە ئەویش بە یارمەتی گۆڵچی بە توانا ئەحمەد عەلی**



وەرزی داهاتوو خولی عێراق زۆر قورسە چونکە یانەکان بە باشی خۆیان ئامادە کردووە

## یاریزانی داهاتوو گۆڕەپان و مەیدانی عێراق و کوردستانە

**ڕۆزانە عەبدوڵلا یاریزانی یانەی هەولێر**



# یاری گۆرەپان و مەیدانی کچان لە کوردستان لاوازە

*** چۆن دەڕوانییە ئاستی گۆڕەپان و مەیدانی کچان لە کوردستان؟**

- یاری گۆڕەپان و مەیدانی کچان لە کوردستان زۆر لاوازە هیوادارم زیاتر پەری پێ بدرێت، بە تایبەتی دایك و باوکی کچەکان ڕێگا بە کچەکانیان بدەن کەبێت ئەم یارییە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی یارییەکە زیاتر پێش بکەوێت لە کوردستان.

*** تا چەند یانەکان بایەخ بە وەرزشی ئافرەتان دەدەن؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت تاك یانە کە بایەخی بە وەرزشی ئافرەتان و یاری گۆڕەپان و مەیدانی کچان بدات ئەوە یانەی هەولێرە کە بایەخێکی زۆر بەم یارییە دەدات و گرنگییەکی تەواوی پێ دەدات، هیوادارم یانەکانیش بەهەمان شێوە بایەخ بەم یارییە بدەن.

*** زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە تۆ دواڕۆژی گۆڕەپان و مەیدانی لە کوردستان هەست بە چی دەکەی؟**

- من زۆر پێی خۆشحاڵم بەم شتە و پەنا بەخوا لە مەشق و ڕاهێنانی خۆم بەردەوام دەبم بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژ بتوانم ئاستم زیاتر پەرەپێ بدەم و ناوی یانەکەم و وڵاتەکەم بەرزبکەمەوە، چونکە یاریزان بە مەشق دەتوانێ دەستکەوت بە دەستبهێنێت.

*** ئایا هیچ کێشە و گرفتت هەیە؟**

- هۆی ئەو ئەنجام باشانەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ کێشە و گرفتم نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە یانەیەکی زۆر باش یاری دەکەم.

*** تا چەند ڕاهێنەر ڕۆڵی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی یاریزان لە یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

- ڕاهێنەر ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت بۆ پێشخستنی ئاستی یاریزان لە گۆڕەپان و مەیدان، ئێستا لە یانەی هەولێر ڕاهێنەری زۆر بە توانامان هەیە کە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لەو ئەنجامە باشانی کە بە دەستمان هێناوە زۆر سوپاسیان دەکەم کە زۆر لەگەڵ ئێمە ماندوو بوینە.

**ڕۆزانە لە دوا وتەی بۆ گۆڤاری گوڵان**

- زۆر سوپاسی ئەو کەسانەی کە پشتگیرییان لێ من کرد و بایەخییان پێ من دا و ئاستیان بەرزکردۆتەوە هەروەها سوپاسی یانەی هەولێری کرد کە گرنگی بە یاریزانەکان داوە و، هیوای خواست یانەکان زیاتر بایەخ بە یاری گۆڕەپان و



*ڕۆزانەعەبدوڵلا تەمەن (١٤) ساڵ یەکێکە لە یاریزانە بە تواناکانی یانەی هەولێر بەو تەمەن بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوە ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە زۆر لە ڕاهێنەرەکان چاوەڕێ دوا ڕۆژێکی زۆر پرشنکداری لێ دەکەن گەر لەسەر مەشقەکانی بەردەوام بێت، ڕۆزانە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەخوێنیت و لە ڕاکردنی (١٥٠٠)م و (٨٠٠)م، (٤٠٠)م یاری دەکات و لە گشت پاڵەوانیەتیەکان پلەی یەکەمی بە دەستهێناوە، سەرەتا لە یانەی قەڵا یاری دەکرد، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێك یانەکەی جێهێشت هاتە یانەی هەولێر، ئێمەش لە نزیکە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ سازبدەین.*

# یاریزانانی هەولێر بەشداری لە پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدان دەکەن




دوای ئـــەوەی چەندیـــن یاریزانی شـــاری هەولێر بۆ گۆڕەپان و مەیدان بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی عێراق کران بۆ ئەوەی بەشـــداری لە دەست نیشان کردنی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق بەشدار بن، بەڵام بە فەرمی پێکهاتەی هەڵبـــژاردەی عێـــراق راگەیاندرا بۆ ئەوەی بەشـــداری لـــە پاڵەوانیەتی عەرەبـــی و پاڵەوانیەتی (هاریکاری) ئیســـلامی بکـــەن، لـــەم پێکهاتەیە چوار یاریزانی یانەی هەولێر لەگەڵ راهێنەری یانەکە و یاریزانێکی یانەی ئالا لەگەڵ راهێنەرەکەی بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق، لەســـەر ئاستی کوڕان هەریەکە لە دڵزار کەمال لە یەك بـــاز و ئارام خدر لە راکردنی (١١٠م) بەربەســـت و کارۆخ سالح لە راکردنی (٢٠٠م — ٤٠٠م) دەست نیشان کران و لەسەر ئاستی کچان یاریزانی یانەی هەولێر گولستان مەحمود لە راکردنی (١٠٠م- ٢٠٠م ٤٠٠-م) بانگهێشـــت کران بەسەرپەرشـــتی راهێنەر دکتۆر حوســـێن کە ئەویش بـــۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت کرا، لە یانەی ئالاش کچە یاریزانی بە توانا بەهار خەســـرۆ لە پێشبرکێ (ســـباعی) بانگهێشت کـــراوە بەسەرپەرشـــتی راهێنەر رەعد عەبدوڵـــلا بۆ ئەوەی بەشـــداری لەم دوو پاڵەوانیەتـــە بکەن گـــەر هاتوو ئەنجامیـــان لـــەم دوو پاڵەوانیەتیـــە باش بـــوو ئەوە دووبارە بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی عێراق دەکرێنەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بکەن کە لە پەکینی پایتەختی چین ئەنجام دەدرێت، ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامێکی باش لەم یاریزانانە دەکەین.

# هەولێربەرەو پاڵەوانیەتی ئوردەن

وا بریار بوو یانەی هەولێر بەشـــداری لـــە پاڵەوانیەتیەکی تۆپی پێی بکات کە یانەی جەزیـــرەی ئیماراتـــی ئەنجامی دەدا، بـــەڵام بەهۆی بەشـــداری کردنی یانەی کوێـــت کوێتی لـــەم پاڵەوانیەتیە بۆیە یانەی هەولێر بریاری دا بەشـــداری لـــەم پاڵەوانیەتیە نەکات، بـــەڵام یانەی (شـــەباب ئوردن) ئوردنی هەموو ساڵێك پاڵەوانیەتیـــەك ئەنجـــام دەدات وەکو خۆ ئامادەکـــردن بـــۆ وەرزی داهاتـــوو، کە تیاییدا چەندین یانەی ئوردنی و عەرەبی بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە دەکەن و یەکێك لەم یانانە یانەی هەولێرە، ئەم پاڵەوانیەتیە لە (٢٩-٨) دەســـت پێ دەکات و تا (٧-٩) بەردەوام دەبێـــت کە تیاییدا (٨) یانە بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە دەکەن و بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کـــراون و یانەکانیش پێك هاتووە لە (وەحدات ئوردنی — شەباب ئوردن ئوردنی — رەمسا ئوردنی — حوسێن ئەربدی ئوردنی - مجد سوری —ئیتحاد ســـوری— تەڵەبەی عێراقـــی — یانەی هەولێر) ویانـــەی هەولێر لەم پاڵەوانیەتیە کەوتـــە کۆمەڵەی دووەم ئەویش هەرەیەکە لە یانەکانی (حوســـێن ئەربد — وەحدات — ئیتحادی سوری —هەولێر) پێك هاتووە و کۆمەڵەی یەکەمی ئەم پاڵەوانیەتیە لە یانەکانی (شەباب ئوردەن- مجد — رەمسا — تەڵەبە ) پێك هاتووە، ئەمەی خوارەوەش خشـــتەی یارییەکانی یانەی هەولێر بەم شێوەی خوارەوەیە.

رۆژی شەممە (٢٩-٨) حوسێن ئەربد — هەولێر کاتژمێر (١٠)ی شەو

رۆژی دووشـــەممە (٣١-٨) وەحدات — هەولێر کاتژمێر (١٠)ی شەو

رۆژی چوارشـــەممە (٢-٩) ئیتحاد — هەولێر کاتژمێر (١٠)ی شەو

وا بریـــارە یانەی هەولێر دوای کۆتایی هاتنی ئەم پاڵەوانیەتیە یەکسەر بەرەو وڵاتی کوێت بەرێ بکەوێت بۆ ئەنجامدانی یاری لەگـــەڵ یانەی کوێت کوێتـــی لەمیانی یارییەکانی قۆناغی هەشـــتەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی.